جۆرنی شکاندنی منداڵ … کارا فاتیح

بۆ کاروان کاکەسوور…
کە بەشکی پارچە شکاوەکانی منداڵیم لە چیرۆکەکانی ئەودا بینییەوە

دیدی تەقلیدی و نوستالژیی کوردی هەمیشە پێی وایە جۆرنی جاران و مەراسیم و بۆنەکانی ئەوسا تەمبەڵی تریان هەبوو، لەزەت و خۆشییان تێدا بوو، هەستکردن بوون بە خۆشیی حەقیقی، لە سەر ئەم بنەمایە بە باڵای پەوەندیی کەمەایەتی و ڕەزگرتنی نەوان تاکەکان و ڕەحی لەبوردەیی و بەتەنگەوەهاتن و پڕەشیی بە یەک و گیانی هاوکاریی لای خەڵک هەڵدەدات و فرمێسکیان بە هەڵدەڕژێت، ئەم دیدە کە بەتوانایە لە بینینی ئێستای خۆیدا و لە بە پلانی و بە خەونی و بە ستراتیژیی خۆیشیدا گەر سەیری داهاتوو بکات، جگە لە مەرگی خۆی هیچی تر نابینێت، بۆیە بەردەوام ئاوڕ بە ئابردوو دەداتەوە، بەڵام نەک ئاوڕ بە مانای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و بینینی هەموو گۆشەکانی، بەڵکوو ئاوڕ بە ئابردوو وەک زەمانێی لەدەستچوو، زەمانێی لەدەستچووێش وەک ساتە هەرە شیرینەکان. هەژموونی ئەم دیدە تەقلیدییە بە شێوەیەک بەهێزە، کە کایە ڕەشنبیرییەکانیشی گرتوەتەوە، لەڕەوە زەر هونەرمەند و نووسەر ناوی سەیرسەیر بە هەندە لەو زەمانانە دادەتاشن، یەکێک ماوەیەک بە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی، یەکێک سەردەمێک بە مۆزووی گۆشاوەی گۆرانیی کوردی و یەکێکی تر زەمانێکی تر بە سەردەمی ئاتتوونیی چالاکیی ڕوناکبیری و خوێندنەوە و نووسین ناو دەبات و لە پاڵ ئاهە و حەسرەت بە ڕەیشتنی ئەو سەردەمانە، تەر شانازیشیان پێوە دەکات… ئەم دیدە بە دڵیلی ئەوەی کە توانای بینینی هەموو ڕەهەندەکانی ئابردووی نییە و وەک مۆزووێکی نەپچڕاو ئابردوو بە ئێستاوە گرێ نادات و لە سەر ئەم بنەمایەیش بە داهاتوو ناوانێت، بۆیە دەتوانین بڵێین دیدێکی تەواو ناواقیعی و عاتیفی و ناعەقانییە، هەزی بینینی کورت و لەڕ و ناڕەشنە.

لەڕەدا تەنها لە سەر ئەو خاڵە بە کورتی قسە دەکەم، کە لە پانتاییی کەمەایەتیدا جۆخت لەوە دەکرێتەوە، جۆرنی جاران خۆشییەکی تری دەبەخشی، هەروەها بەتایبەت دەمەوێت، پەردە لە سەر ئەو درۆیە گەورەیە لا بدەم، گوایە جۆرن بە منداڵ خۆش و ڕەزانەکە کە

دەتوانن لە کەیف و شادیدا بن، خاوەنانی ئەم دیدەیش بە ئاوە باسی شادیەکانی سەردەمی مندالیی خۆیان لە جێژندا دەکەن، کە چەندە بە ونن و وەسفنەکراو بوو. ئەم ئاوەدانووەیە بە مندالی جگە لە سز و فرمێسک بە سەردەمی لەدەستچوو، بارگاویە بە درە و شاردنووەی زۆر سیمای ئاو ساتانە...

جێژنە تەقلیدی و دینیەکان جگە لەوی هاوکێی دین و ئایدیۆلۆژیاکانن بە یەکخستنووەی کەمەگا لە سەر هەمان ستایلە کەن و تەقلیدیەکی و چالاکی و تایبەتمەندیی جێژنکان، تەقۆلایکن بە شاردنووەی پاوانديە پچاوکانی توژکانی کەمە و بزەر دروستکردنووەی کەمەگا لە سەر فەمە دەرین و دینییەکی، ئەم پاوندیە کەمایەتییەیش خی لە سەردانیکردن و تاوقە و ئەملاولا ماچکردن و گەردنئازادی و... هتد، دا دەبینەتاوە، تاوقەکردن سیمای دیاری ئاو سەردانانیە کە لەم بنانەدا دەکرەن، دەستی مرۆف لە ئەرکەک کە تایبەتمەندیەکی ئەخلاقیی هەیە چالاکە، بەڵام ئاوەی تێبینی دەکرێت، بکەری ئەم چالاکییە، گەورەکانن و منداڵان هیچ پەگەیەکی ئاوتیان نییە، بەتایبەت لاو ابردوی بە سەردەمکی زەمەن دادەنرا، منداڵ خاوەنی ئاو دەستە نییە کە بە تاوقەکردن دەشێت، زۆر جار لە ناو ەیزی تاوقەکراندا منداڵ دەست دەهێنێت بە تاوقەکردن، بەڵام بە دەستخستنە ناو دەستەکی تر دەگەڕێتاوە، واتە بە تاریقی و شەرمەزاری دەست دەهێنێتاوە دواوە، وەک منداڵ هەست بە بوونی مرۆڤانەی ناکرێت، تا شایەنی تاوقەکردن بێت، کەم منداڵی ئاو سەردەمە زەمەنانە، کە بە بەهەشتی منداڵ وەسف دەکرێت، بەم شاوەیە نەشکێنراوە، گەر تاوقەکردن چالاکییەکی ئەخلاقی بێت، منداڵ لەی بە بەش کراوە، گەر هاوەی مرۆڤ بێت بە دروستکردنی بارودۆخکی هاوبەشی مرۆیی، ئاوا منداڵ بە هەی ئاوەی دەستی تاوقەکردنی بە درێژ ناکرێت، لەم هاوە و بارودۆخە دەهێنرێتە دەر، وەک کاراکتەرکی پارچەپارچە و زیادە تەماشا دەکرێت، کەستیی منداڵ وەک بوونکی مرۆڤانە و خاوەن مافی گەردوونی و ئازاد لە بەر چاو ناگیررێت، ئیتر جلی تازەی جێژن و یاریکردن و سەرگەرمکردن بە کبوونەوە و قەرەباغی و سەردانی ئەم شوێن و ئاو شوێن، تەنها شاردنووەی ئاو کەستییە تەک شکاوە و دۆخشکردنکی هەڵگرتەنەرانیە...

دیدی تەقلیدی و نوستالۆژیی کوردی ئاوە بە زۆقی و ەوونی دەبینێت و فرمێسک و حەسرەتی بە هەڵ دەکەشێت، کە بە منداڵی جێژنان جل و پەڵاوی جوان و خواردنی خۆش هەبوو، بەڵام ئاوە نابینێت، کە ئاو دۆخەشییە زۆرە نیشانەی بەدەشیی چەندین ەڕ بوو لە جل و پەڵاوی جوان و خواردنی خۆش، دیدی تەقلیدی و نوستالۆژیی کوردی تەنها ئاوە

دەبینێت کە جەژنان بە منداڵی یاریی خۆش خۆشیان دەکرد، ئەو نابینێت، بۆ لە جەژن و ڕۆژانی تر لەو یاریانە نەبوو بیکەن…

کۆمەڵگایەک نەتوانێت منداڵ وەک کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی، کە خاوەنی بوونێکی مرۆڤانە و مافی گەردوونی و کەسێتییەکی ئازادە، ببینێت و تەنها وەک هەکارێکی خۆشیبەخش یان مەبەستی تایبەتی خۆی دانی پێ دا بنێت، نەزانێت منداڵانیش وەک گەورەکان و بگرە زیاتریش دەکرێت ببنە سەرچاوە ئازموون و فێرکردن، ئەویش لەوەدا گەورە وەک منداڵ خۆی بە شایستەی خۆشحاڵبوون بزانێت، پێکەنین و شادی بە سامان و ئارەزوو و هەر ئامانجێکی تریەوە نەبەستێتەرەوە و سروشتێکی بە هەی مرۆڤ بێت، هەروەها دەکرێت گەورەکان لە منداڵانەوە فێر بن هەمیشە خولیایەکیان هەبێت، هەمیشە بە خۆنەک بژین و ئامانجێک لە سەریاندا بێت، ئەمە جگە لەوەی منداڵان وانەیەکی باشن بە گەورەکان، ئەوەی دەیانەوێت بتوانن دڕی ببن.
کۆمەڵگایەک منداڵەکانی بە پارچەپارچەیی گەورە بکات، بە گەورەییەیش وەک ئێستای ئەمە، لە جیاتیی بینینی ئێستا و خۆنی ئایندە، فرمێسك بە ڕابردوو هەدەڕژێت…

جەژنی شکاندنی منداڵ … کارا فاتیح

گەیشتن بەلەواری فەنتازیا وگەڕانەوە بۆکەتوار … ڕانانی : ڕێباز محەمەد جەزا

"خوێندنەوەیەك بۆ ڕمانی سیسەمی خوێناوی"
ناوی کتێب : سیسەمی خوێناوی
ژانر: ڕمان
نووسەر : جەبار عوسمان
ساڵی چاپ : 2017سلێمانی
ژمارەی لاپەڕە : 390
ڕانانی : ڕێباز محەمەد جەزا



بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ....

تیۆری ڕەخنەیی: شتێک لەمە ڕەخنەی بونیاتگەریی و هەوشانگەریی ... سەران محەمەد

تیۆری ڕەخنەیی:
شتێک لەمە ڕەخنەی بونیاتگەریی و هەوشانگەریی
Deconstruction & Structuralism
سەران محەمەد
_____

بونیاتگەرایی بزووتنەوەیەکی هزریی بوو ، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠دا لە فەرەنسا پەرەی سەند، بەوەی کەلتووری مرۆڤایەتی بە زانستی مانا و ماناسازیی ڕاڤە دەکرێت (بە نموونەی سیستەمێک بە ئاماژەکان).
لەبنەڕەتدا لە بیرۆاکانی فیرناند دی سۆسۆر و قوتابخانەکانی مۆسکۆ و پراگەوە پەرەی سەند، لەماوەی ساڵانێکی دوورو دریژدا وەکو شیکارکاریی ئەکادیمی زمان و کەلتورو کۆمەڵایەتی و هونەریی و ... دا بەکاردەهێنرا.
ئەوان وای بە دەچوون دەتوانرێت لە بوارگەلێکی کەلتوور تێبگەین لە ڕێی بونیادی پێکهاتەکانی زمانەوە، کە جیاکاریی دەکات لە نێوان ڕێکخستنە واقیعی و ئەندیشەییەکاندا، بە نموونە (لاکان) وای بە دەچوو کە تیۆری دەروونیی ، ڕەسای بونیادی هەماکانە کە جیاکاری دەخاتە نێوان واقیع و ئەندیشەوە.
بە پێی بیرۆاکانی (ئالیسان ئیسیتەر) چوار بنەمای بەربڵاو و هاوبەش لە زۆربەی فەرمە بونیاتگەراکاندا هەیە، کە ئەوانیش؛ یەکەم: بونیات دەستنیشانی شوێنگەی هەر توخمێک دەکات لە توخمەکان

وەك گشت، دووەم: هەر سیستەمێك پێكهاتەیەكی بونیادی خۆی هەیە. سێیەم: یاسا بونیاتییەكان زیاتر مامەڵە لەگەڵ فراهەمهاتووەكان دەكات وەك بیركردنەوە هەوڵدان بۆ گەیشتن، چوارەم: بونیاد "شتی راستەقینەیە" لە ژێر رووكارەوە داكشاوە و ماناكانی لەخۆگرتووە.

تەنانەت رەخنەی دوای بونیاتگەرایی
(post-structuralism)
هەر بە پارێزەرانەوە و درێژبوونەوەیەكی بونیاتگەرایی لە قەڵەم دەدرێت.

وشەی بونیاد(٠ لە بنەڕەتدا وشەیەكی لاتینییە، بە مانای بناغەو بنەڕەت دێت، لە رەخنەشدا دادنرێت بە تەوانینی رەخنەگر لە رووكاری ناوەوەی كارە وێژەییەكان و شیكاركردنی بە پێی بەرەنجامە تایبەتییەكانی هەر بیردۆزێك بە هونەرو وێژەوە، لە پێناو گەشتنە تێگەشتنێكی وردو تەواودا.
بە نموونە لە بیروڕای بیردۆزی یەكێك لە دامەزرێنەرانەی ئەم قوتابخانەیەدا كە (جاكوبسن)ـە، وا دەڵێتە هەر زمانێك كە هەڵگری ئەم چوار ڕەگەزەیە:

نەرەر- - - بە نەردراو
ناوەك - - - ڕەمز

هەوڵشانگەراكان هەڵدەستن بە خوێندنەوەیەكی رەخنەیی فەلسەفی پێكهاتوو لە سەر دوو یاسا، یەكەمیان: لەسەر بنەمای شوێنكەوتنی شەوازی دەربڕینی نووسەر كە بیروبۆچوونەكانی لەسەر بنیات ناوە. یاسای دووەمیان: هەڵدەستێت بە شیكارکردنی وردی وشە بەكارهاتووەكان لە دەربڕینی ئەو بۆچوونانەدا.
بە پێی پانتاییە فەلسەفیەكانیش دەرهاویشتە دەروونی و پێكهاتە هزرییەكانی خاوەن كارمان بە ئاشكرا دەبێت، ڕەنگە جارانیكیش هەرشكردنە سەر نووسەر بێت بەوەی ناتەبایییەكانی ناخیان دەردەكەوێت لە ڕێگای تاوتوێكردنی بابەتەكاندا.
هەوڵشانگەرایی نزیكەی ٤٥ ساڵ پێش ئێستا لە فەرەنسا لەسەر دەستی(دریدا) سەریهەڵدا، خۆی لە خۆیدا فەلسەفەیەك نییە، هەندێ ئەوەی ڕەخنەی فەلسەفەیە، هەر لەبەر ئەمەش بوو یەكێك لە دروشمەكانی (دریدا) ئەوە بوو كە دەیگوت (هیچ شتێكی تر لە دەرەی دەقدا بوونی نییە). ئەوان بەم نموونەیە زیاتر ڕێ و گرنگی بە هەوڵشانگەرایی روون دەكەنەوە:
گەوهەرێك بە درێژایی ڕۆژگار پیسی و تەزی لەسەرکەوتبوو، تا رووكاری دەرەكی داپۆشی و وەك شەوێی پشقڵێك دەردەكەوت، بەڵام ئەم

بەهای راستەقینەی ناسینەوە گەر لەی نەدەین و هەینەوەشێنینەوە تا پێکهاتەو بووە راستەقینەکەی خۆی نەبینینەوە.
بە پێی ئاکانی دریدا ڕەبازی هەوەشانگەرایی تاکە هەکارێکە بە وەرگرتنەوەو کەشانەوەی متمانە لە شتە باوەکانی وەك رامیاریی و ئاکاریی و لۆژیکی… جا لەبەرئەوەی ئەمە یەخسیری قۆفزی یاسای زمانەوانین، و دەرباز بوون لەی مەحاڵە، ئەوا باشتر وایە بە کاری هەوەشانگەرایی زمانی دۆقەکان هەستین.
کەواتە دەبەت وشەکان و هەموو پاشکۆ زانستی و مەعریفی و کارلێکیەکانیشی ڕاڤەبکرێن لە ڕێی پەیوەندییان بە یاسا فیکریی و ڕەشنبیریەکان کە لەوەی هەقوەاون.. کەواتە مەرج نیە ئەوانە دەربەین لە ڕاستی بکەن وەك ئەوەی ویستی دەکەین، چونکە وشە تەنیا هەما و شفرێیە کە مانا و ئاماژەکانیان لە نەست(اللاوعي) مرۆڤدا هەکەڕاوە.. کەواتە بەم پێیە ماناکان بوونیان نییە. دەگەینە خاڵی درککردنی ئەوەی ئاستیی جەرکە لە شەوکانی خەیاڵ و ئەندێشە.. ئەوا ئەمە لە دنیای ئاستەقینەدا ناژین، هەندەی لە ناو دیدو بۆچوونەکانماندا دەژین، بەم پێیش خوێندنەوە دەبەت بە جەرك لە نەخوێندنەوە.
بەیە پەستەددەرنەکان گرنگییان بە زانستی زمان و بیردۆزەکانی تشومسکی دەدا، کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە زمان و ئاخاوتن یاسای گەردوونی و جینیی هەیە، نەك وەك ئەوەی داروینیەکان بەی دەچوون بەوەی زمان تەنیا پشکەوتنەکی لەخەڵا بووە لە سەفەری دوورو درێژی مرۆڤ لە زەرانبازیی لە پەناوی مانەوەدا.

لەڕەوە شوێنکەوتووانی دریدا کەوتنە مەیدانی نووسینەوەی مۆژوو و بەرهەمهێنانەکانی لە مردنی نووسەرەوە. لەبەرئەوەی ناتوانین مۆژووش بگەینەوە کەواتە دەبەت بە شێوەیەکی ئیژیی لەگەڵ ئەو گەڵانەوانەدا بژین و شانبەشانی مۆژوونووسانیش ڕەنگە ئەمەش گەڵانەوەی خەمان هەبەت.
هەوەشانگەرایی کە یەکەك لە پشڕوانی بریتی بوو لە (دریدا) لە گرنگترین کەڵەکەکانی بریتی بوو لە نکۆڵی کردنی دواین پیناسە بە شتەکان، یان پەناسەی (ڕەها) وەك گوتراوە. بەم پێیش ڕاستی ئاژیەیەو لەسەر هەوەستی ڕووناکبیر وچوارچێوە مەعریفیەکەی بنیات دەنرێت کە لەوەی دەدەچێت. کەواتە ئەمە بە زمان قسە ناکەین، بەکو یاری پێ دەکەین. چونکە بونیادی زمان لە ڕاستیدا تەوانینی ڕەشنبیریی کەڵەکەبووە، نەك شتی تر. بە پێی بۆچوونی قوتابخانەی هەوەشانگەرایی کە دریدا پشڕوایەتی دەکات زمان ئاوێنەی سروشت نییە وەك زەرینە وای بە دەچن، بەکو زمان خۆی لە خۆیدا وەهم و

خەیاڵەکەو دەبێت لە بنەوە لە یەشە بکەشرێت.
(Jacques Derrida)
دریدا ناڵێت پەیوەندی نێوان وشەو ماناو ئاماژەکانی هەڵەیە، بەڵکو ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە وشە ئاماژەیەکی زانراوی نییە.

دواهەمین نامەی لاوێک بە دایکی … هاوتا کوردستانی

ساڵانێک پێش ئێستا سەر لە ئێوارەی زستانێک سەرماو و سەهۆڵ و کەوە و بەفراویی بوو ، دونیا تەواو تەماویی بوو ، وە لەتەنیشت پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دانیشتبووم و هەردوو دەستیشم لە ئێزنەکانم گیر کردبوو و دایکیشم لەبەرانبەرم دانیشت بوو بە دەستە لەرزەکانی خەریکی چنینی جلی زستانە بوو بە کوڕە تەنهاکەی وە پێیتا پێیتاش دەستم لە پێنووسەکە گیر دەکرد و دەمویست لەسەر دایک هەنینەوە بکەم و شوناسی دایک بهێنمەوە بەڵام هەر وەک پێیامبەرێکی بە بەزەیی چرپیاندبێتی بە گوێمدا هەستم بە پێزارەیەکی بەکوە کرد لە ناخمدا و لەو ئان و ساتانەی شەودا و دایکم چووە ناو دوونیای پەڕاوەکان و وشەکانم و پێنووسە لەرزەکەکەی نەزەک کردم لە هەنینەوەی شوناسی دایک ، وە ئەو شەوە بووە یادگاریەکی تاڵ و لەو شەوەو ژیان و قەناغێکی تەواو جیاواز و تراژیدیتر هاتە ئاراوە و ڕەگەی بەقسەکردنی زاری دەم نەدا و بووە کەسپێکی دیکەی ژینم و وەک ئاگرێکی کپەدار وا لەناخمدا قەتیس ماوە و ئەمەوە بە گوێتدا بچرپێنم لە سەز و خەشویستی .

دایکم هەمان شەو کەچی کرد بە ڕەگا ونبووەکانی خەیاڵەکانم و وەک باڵندەیەکی غەمگین بە ماڵئاوایی لەقەفەس دەستی کرد بە فڕین ، فڕینێک کە گەڕانەوەی نەبێت ، نازانم ئا خە چوە دونیای کامەرانی و شادە بە کەچکەی یان دەمات و زیزە ، گەر نا بە ناگەڕێتەوە ، بەڵام بەهەرحاڵ دوای ئەو کەچەو فڕینەوە من بووەمە مرۆیەکی ڕووخاو و دەشکاو و تێکشکاو و شتێک نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێت ببمە دەستی تەنهایی و کەنتکردنی ڕەحم لەنەو چوار دیواردا و بووەمە هاوڕێی شەوانی باڵندە بە لانە و غەمگینەکان ، هەندە دەستایەتیمان نزیک

بوویەوە تا بەربەیان پێکەوە تامەزرۆ سەیر یەکمان دەکرد ، ژینێک ئاوا هات و چوو وە تەپڵەی .

ئەستاش نامەیەکی پێ بڕینم پێیە ، کە دواهەمین نامەیە بۆ دایکم ، نازانم پێستە چیەکانی خواوەند و پێستچیەکانی ئاسمان ئەم پەیامەم بۆ پارەزراویی دەگەیەنن یان نا ، تکا کارم لێ فریشتەکانی خواوەند ئەم پەیامەکەم بۆ بگەیەنن بۆ پیرۆزترین ڕۆحی ئاسمان ، با منیش ئەم کەپە ئاگرەی دڕوونم هەوور بتەوێ ، ئەم دایە گیان کەچت کرد و ڕەشتیت بۆ ماڵئاوایی و فڕیت بۆ ئاسمان بۆ لاکردنەوە ، بۆ ئەوەی ئاوێ بدەیتەوە و بۆ ئەوەی ماڵئاوایی بکەیت ڕەشتیت ، وا منیش فرمێسکەکانم چەپەی دەت بۆ بڕدوامی وەک لۆزمە باران وەستانی نیە و بەهیچ ئاناگیرێت ، جەستەم ، ڕۆحم ، دڕوونم ، خەیاڵم ، هەستم ، هەمووی هەپووەن هەپووەن و شەقار شەقار بووە .

دایە گیان ئێستا ئەم تۆ لەکوێی ؟ چی دەکەیت ؟ من وا وەک و سەرگەردان ، بێ ماڵ و دەگران ، لەڕێ مرۆڤ دەڕەقەکان ژینیان لێ بردووین و شتێک نەماوە بەناوی سۆز و وەفا بە ناگەیتەوە لەدوای سۆز و ئەوینی تۆ شتێک نەماوە بەناوی ژین و سۆز و وەفاداریی ، نازانم لەشادی و کامەرانی دایت یان نا ، گەر مەیلی گەڕانەوەشت نیە دە دەستم بگرە دایگیان با من بگەمە دیدارت بگەم بە جوانیت ، بە میهرت ، بە سۆزت ، بە وەفات ، بەشکەت ، بەڕۆح ، بەباوەشت ، با تەڕ لە باوەشت بگرم و بۆن و مەرامی ڕۆح و جەستەت بکەم ، منم کوڕە تەنهاکەی تۆ دە دایە گیان دەستم بگرە با من بگەمە دیدارت گەر مەیلی گەڕانەوەت نیە ، ئەزانی ئیدی توانای فرمێسک ڕشتنیشم نەماوە زەر تەنهام و زەریش نیگەران چون وەکات بە وەکات و نیشتیمان بە نیشتیمان گەڕاندمیان وا فرمێسکەکانیشم بەڕەو وشکبوون ئەچن ، چاوم کوێر بەت ، زمانم لاڵ بەت ، گوێم کەڕ بەت ، جەستەم وشک بەت ، گەر تۆی پێ نەبینم و وشکانتی پێ نەبیستم و چاوەکانتی پێ نەبینم ، بە گەشتن بەدیدارت شاخەکان و کێوەکانت بە دەرزی بە شی دەکەوە و دەریا و ئەقیانووسەکانت بە وشک دەکەم و زەوی و سەرزەمیات بە شەق دەکەم ، ڕۆح و جەستە و هەموو ژینم پشکەش دەکەم بە گەشتن بە دیدارت .

وەنەکەت هەمیشە لە پێش چاومە و تا خۆو دەمباتەوە تەر تەر سێیری وەنەکەت دەکەم هەرگیز ون نابیت لە پێش چاوم ، کاتێک هەر دایکێک ئەبینم کەپەی ئاگرەکی بۆتین لەڕۆح و جەستەم دەتەوە دەڕەوە ، کاتێک سۆزی دایکێک بە ڕۆحەکەی ئەبینم ، ئیتر فرمێسک و خوێن ئاوێتەی یەک دەبن لە جەستە و ڕۆحمدا ، گریان و تەنهایی و غەم و

پشویی سرلباری ژینی منی گیردەی خۆی کردووە ، دایە گیان منم کوڕە تەنهاکەی تۆ ، چرکەیەک نیە یادی تۆ نەکەم و لە غەم و گریان و پژاردا نەتلەمەوە بە جارێک مرۆڤکانیش سەم لە دەکەنەوە و نایانەوێ تەکڕە بۆ ژینەی من بن و وەک شت سەیرم دەکەن ، نازانن شتی دیداری تۆ و شتی میهر و جوانی و وەفا و شکۆ و باوەش و ڕۆحی تەم ، تەنها و تەنها بۆ یەک شەوی دیکە مەتەم بدە لە باوەشتدا بنووم و تووند لە ئامێزت بگرم ، چاوەڕوانی گەنەوت ژینی بردم ، گەر مەیلی گەنەوت نیە دە دەستی کوڕە تەنهاکەت بگرە و با بگات بە دیدارت ، بە پەرۆشی و بە ڕاکردن بە ناو ئاگردانیش بە ئامێزت ڕا دەکەم .

هاوتا کوردستانی

هەفتەنامەی بەدبەختەفەندی ... عەبدوللەحمان فەرهادی

بەیانی زووی یەکەم ڕۆژی هەفتە، کە لە ماڵ هاتمە دەرەوە، ژنەکەم داوای کرد لە گەڕانەوەم، ماسیەیەک لەگەڵ خۆم بێنمەوە، چونکە ماسیەی حەوشەکەمان شکابوو. کە بڕۆ کەوتم, گوتم نەبادا لە گەڕانەوەم بیرم بچێ، با هەر لە ئستاوە ماسیە بکەم ئینجا بە ئیشوکار بڕۆم، لە ڕێ لامدا جادەی شەهید سمکۆ مۆنتک و لە مۆنی مارکێتێک سەرە ماسیەیەک و دار ماسیەیەکم بیەکەوە بە سێ هەزار دینار کڕی. تەماشای سەعاتم کرد بینیم هەشتا کاتژمێری بەرەوە ماوە، با ماسیەکە ببەمەوە تا خانم حەوشەکە بشوات کە دوشەو بەهەی خەربارانەوە ڕەنگی کاشیەکەی نارنجیی هەگەبوو. کە گەیشتمەوە ماڵەوە، نایلۆنم لە ماسیە داپچڕی و خەریک بوو دارەکەی لە ناوقەد توندکەم، دارەکەم لەبەرنا، بینیم داییسی ماسیەکە زەر گەورەتر لە ئستووریی دارەکە، یان بڵێین دارەکە باریکترە و بۆی نابە، چەندی هەوڵمدا و سەرم هێنا و برد یەکانگیر نەبوون، ناچار هەڵتێک ماسیەم بردەوە مۆنی مارکێتەکە کە کوێژگەیەکی لەسەر بوو و پشتر من لە باوکەکەیم کڕیبوو، تەمگەیاند کە ماسیە و دار پێکناکەن و داوام کرد بەمی بگەڕێنەوە، کەچی کوێژگە گوتی:

دەبێ بابم بڵێت، خۆ لێ منت نەکێشە! ناچارمام نیو سەعاتان لەبەر ئەو هەتاوە تاقەت پرووکێنێ خەمم خافڵاند تا بابێ جامانە بەسەری کورتەك لە هەنگڵك و شەروان لە هەنگڵك، هاتوە و دوای منجەمنجەکی زەر ماسیحەی بێ گەیمەوە. من هیچم نەگوتبوو کەچی ئەو چەند جارێك پێیگوتم: مەوادی ئەمە هەمووی ئەسڵییە. جا بڵخت تێبگە!
دیسانەوە بەرەو ماڵ بووەوە, تا ماسیحەم گەیاندەوە و دواتر گێشتمەوە دەوام، دەوام قەیاسکی مابوو.

بەیانیی یەکشەممە خەم لێ حەمامی ماڵەوە کوتا تا بەر لەوەی بچمە دەوام وەك هەموو ڕۆژان، خەم بشەم، لێ حەماماکێ بینیم تشتاوە باغکێ کێ سێ ساڵ دەبوو کێیبووم، کون بووە و تواوەك ئاوی بەبەرەوە دەڕوات. کێ لێ ماڵ هاتمە دەرەوە یەکەوسەر بەرەو دەوام ڕۆیشتم و بیرم کردەوە کێ باشتر وایە لێ گەڕانەوەم تشتێکی حەمام بکەم. سەعاتێك بەر لێ دەوام تەواو بووەن هاتمە دەرەوە و لێ ڕۆ چووم دوکانی باغێ فرۆشك و تشتێکی سپیی نورتونوی ناو نایلۆنم کڕی. گێشتمەوە ماڵەوە و تشتەکەم خستە حەمام و کەنەکێیشم لێ دەرەوە لێ تێنیشت زبڵدانی بەردەم دەرگاکەمان دانا. سبەینە زوو کە لەخەو ڕابووم دیسانەوە خەمم لە حەمام کوتا تا بەر لە چوونە دەرەوەم، ئاوێك بەخۆمدا بکەم، تەشتەکەم ڕاکێشایە لای خۆم، هەستم کرد تەشتەکە زۆە دەنگێکی لێوە دێ، بە ئاستەم لە عەردەکەمدا هەستم کرد تەشت شکاوە، بە دوای شکانەکەیدا گەڕام، بینیم لە تەنیشتەوە درزێکی ستوونیی تێکەوتووە. خەمی بەدبەختی دایگرتم و نەمزانی چۆن خەمم شوشت! بە خۆم و تەشتەوە هاتمە دەرەوە، دراوسێکان تەماشایان دەکردم و بە لایانەوە سەیر بوو کە دەبێ ئەو تەشتە کۆوە بەرم! گەیشتمەوە لای باغەفرۆش و تێمگەیاند کە تەشتەکە کون بوو و داوام لێی کرد کە دەبێ بۆم بە تەشتێکی نەشکاو بگۆڕتەوە، کابرای باغەفرۆش بەمە زۆر قەڵس بوو و دوای مشتومڕێکی زۆر، سوێندم بۆی خوارد کە تەشتەکەم بە شکاوی بردووە بێ ئەوەی پێی بزانم. بە سەت دەردەسەری بۆی گەڕیمەوە، ئەویش هەر دەیگوت و دەیگوتەوە: مامۆستا ئەمە شتی شکاو و عادیمان نییە، مەوادی ئەمە فوول ئەسڵییە.

سبەینە زوو لە خەو ڕابووم ویستم وەك ڕۆژان، خۆم بشەم. چرك، پلاکی گڕپی حەمامەکەم پێکرد، لەگەڵ پێکردندا چرتەیەك لە گلۆپەکەوە هات و سووتا، هەمووی مانگێك بوو گلۆپەکەم بە گرێنتی و ئەسڵیی کێبوو. بەو تاریکییە خەریکی خۆ شووشتن بووم، نەمدەزانی چۆن سابوونم لە لیفکە هەڵدەسووی، بە سەت حاڵ لەو تاریکستانە خۆم شوشت و سواری

تۆمبڵ بووم و چوومە دەوام، شەوکەتی فەڕاشم بانگ کرد و دە هەزارییەکم لە مستی نا و داوام لێی کرد کەی مەجاڵك بوو بچێ لە دوکانەکانی جادەی سڵتاقان گلێپكی ڤستەڵی لەولەبیی قوونك بورغووی ئەسڵیم بۆ بکڕێ و باقییەکەیشی بۆ خۆی. دەوروبەری سەعات یەك، شەوکەت پاکەتە گلێپەکەی بۆ هێنام و تێی گەیاندم کە گلێپەکە ئەسڵی و ئەووەلبابە. سوپاسکی گەرمیم کرد. کە چوومەوە ماڵەوە، دوای نانخواردن چوومە حەمام تا گلێپەکە بگۆڕم، کۆنەکەم خستە سەبەتەی زبڵەکەوە و نوێکەیم جوان جوان قایمکرد، پاشان چرك، پلاکەکەیم پێکرد، کەچی گلێپ تروسکەیەکی ڕۆناکیی نەدامێ، بۆم دەرکەوت کە گلێپەکە نوێیەکەش سووتاوە، خەم دایگرتمەوە و هەزار جنێوم بە بەدبەختیی خۆمدا. عەسرەکەی لە تاریکی خەریکی دەسنوێژ هەڵگرتن بووم و دواتر تێلم بۆ شەوکەت کرد و دوای کەمێك هاتە ماڵەوە و تێمگەیاند کە گلێپەکە سووتاوە و داوام لێی کرد بچێ بە یەکێکیتر بیگۆڕێتەوە. شەوکەت کەوتە منجە منج و پرتەپرت. بۆ ئەوەی ئارام بێتەوە، ناچار پێنج هەزارییەکم لە گیرفانی نا، دوای سەعاتێك شەوکەت هاتەوە و گوتی: مامۆستا، کابرای دوکاندار گلێپەکەی بۆ نەگۆڕمەوە و گوتی بۆ وەستات بانگکە، گوتم وەستات کێیە؟ گوتی: جەناب، مەبەستی تۆیە. ناچارمام لەگەڵ شەوکەت بچمە لای دوکاندار و داوای لێ بکەم گلێپەکەم بۆ بگۆڕێتەوە، دوکاندارەکە حاجییەکی کەشیدە لەسەری دەم بە وەرد و سەداوات بوو، ناچار بە ووکی خۆشەوە لەگەڵی کەوتمە قسە، کەچی ئەو سماقفرۆشکی زۆر تووڕە و تۆسن دەهاتە بەر چاو، بەڵام دوای پرتەپرت و منجەیەکی زۆر، گەیاندمە قەناعەت کە گلێپەکە لە ئەساسەوە سووتاوە، کەچی ئەو هەر دەیگوت: مەوادی ئەم دوکانە کە بایی پەنجا دەفتەر دەبێت، یەك شتی تێدا نییە زۆر ئەسڵی نەبێ، ئەمە یەکەمجارە شتی وا لێرە ووەدات، دەیگوت: هەموو مەوادی ئێمە ئەسڵییە.

سڵشەممە بوو، دوای نیوەڕۆ درەنگ لە دەوام هاتبوومەوە، ویستم ئۆوارەکەی ئیسراحەتێ بکەم و نەچمە دەرەوە و کتێبێك بخوێنمەوە، دوای عەسرێکی درەنگ کۆەکەم گوتی: باوە، هەر دەبی بمبەیتە لای مۆبایلفرۆشەکەی سەر شەستی، زڕێی (درع) مۆبایلەکەم زۆر درزی تێکەوتووە، بەکوو بیگۆڕم. ناچار تۆمبڵم بەگۆ خست و چووینە لای مۆبایلفرۆشەکە و ئەویش پوختە و جوان داخوازییەکەی جێبەجێ کردین و گەڕاینەوە..
تازە لە نوێژی عیشا هاتبوومەوە و لە ژوورەکەی خۆم خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانکی خوسرەو جاف بووم، لەپڕ بووە هەرای نێوان هەردوو کۆەکەم، کە بەردەوام شەڕ و ئاژاوەیان بوو و قەت دانوویان

بە یەکەوە نەدەکوژا، هەردووکیان ساڵەکیان بەین بوو، ئیسراحەتیان لەو ماڵە نەهێشتبوو، چەندە ئامۆژگارییم دەکردن، بێسوود بوو. ئەوەی مۆبایلەکەیم بۆی چاك کردبووەوە دەیگوتە ئەوەکەی تر تۆ زرێکەیت لێ شکاندووم، ئەویش دەچووە کەشکەلانی فەلەك و دەهاتە خوارەوە دەیگوت من نەبووم، زرێیەکە خۆی عادییە و بزانە بەر شتێ کەوتووە و شکاوە. بۆ ئەوەی وەزعەکە ئارامکەمەوە هاوارم کردن: کێ بن دەویت بابینە.

بەو شەوە بۆ لای مۆبایلفرۆشی گەرین ڕاپێچیان کردمەوە، تا دیسانەوە زرێیەکە نوێکەینەوە. کە گەیشتینە لای مۆبایلفرۆشەکە، خەریك بوو دوکانەکەی دادەخست، بەهۆی ئەمەوە کەمێ خۆی دواخست و کوڕەکەم پێی گوت: عەممۆ، ئەو زرێیەی تۆ عادی بوو، بەکەمی یەکێکی ئەسێیمان بدەیتی، کابرا لەو قسەیەی کوڕەکەم چاوی چووە پشتی سەری، تەواو دەهری بوو و هاواری کرد: یانی من شتی عادی دەفرۆشم؟ بڕۆن نیمە. بەهەزار حاڵ کابرام هۆور کردەوە، کەچی ئەو هەر پرتە و بڕەی بوو و باسی لەوە دەکرد کە خۆی، تایبەت بۆ هێنانی ئەم کەلوپەلە ئەسێیانە دەچێتە چین. کە پارەی زرێ تازەکەمان دایێ، ڕووی کردە کوڕەکەم و گوتی: جارێکیتر ئەم قسانە لای من نەکەیتەوە، بۆ خۆت کەیفی خۆتە بە کێی دەڕێی، بەڵام من نا، ئەم دوکانەت بینیوە؟ لەوەتەی هەیە شتی عادیی نەهاتووەتێ، شتەکانی من هەمووی ئەسێین. بەهەر حاڵ, ناچار سوپاسێکی گەرممان کرد و گەڕاینەوە.
شەوی ڕابردوو بەهۆی ژانی ددانێکمەوە خەو نەچووبووە چاوم، سەیرە! هەمووی هەفتەیەك نابێ ئەو ددانەم پلاتینەژ کردووە و سەت دۆلارم داوەتە دختەرێکی عارەب کە گوایە باشترین دختەری شارە، کەچی ژانەکەی بەری نەدەدام. ناچار بەو سبەینەیە ڕووکردە نەخۆشخانەیەکی ئەهلیی سەر ڕێی کۆیە, ئەو نەخۆشخانەیە دختەرێکی هاوڕێی خوێندنمی لێ بوو، ناوی دختەر شەماڵ بوو کە بیست ساڵ دەبوو نەمدیبوو، پسوولەی دختەر شەماڵم بۆی و کە سەرەم هات چوومە ژوورەوە. دختەر شەماڵ کە چاوی پێمکەوت، کەڕ دڵخۆش بوو و زۆری ڕێز لێنام، ددانە بە ژانەکەمم پیشاندا و جوان پشکنیی و پێیگوتم: مامۆستا، ئەو پلاتینەی دختەرەکەت بۆی داناوی لە جۆری هەرە خراپەکانە و بە تەواوی نەچەسپیوە، من ئێستا تەنیا ئیشی دروستکردنی ددان دەکەم و دەتنەرمە ژوورەکەی تەنیشتم کە دختەر حەمیدی لێیە و ئەو شارەزای دانانی پلاتینی ئەسێیە. ڕووکردە دختەر حەمید و دوای سەعاتێك هێنان و بردن و ڕنین و غۆوهڕێی مشك هەژێن، دختەر حەمید پلاتینە عادییەکەی ڕنی و پلاتینی ئەسێیی ئەووەلبابی بە سەتوپەنجا دۆلار بۆ دانام. دختەر حەمید هەر دەیگوت

و دەیگوتەوە: ئەو پلاتینەی بۆت دادەنێم جێری یەکجار ئەسپیە و گەر تا ساڵێکیتر عەیبی هەبوو، من بەرپرسیارم.

سبەینە زوو کە لە خەو هەڵبووم، هەواکەی زۆر سارد بوو، خۆم لە حەمامەکە پەستا و شۆرەی دەستە چەپی ئاوە گەرمەکەم کردەوە و چاوەنێ بووم کە گەرم داهات بە سەر و گوڵاکی خۆمی دابکەم، کەچی ئاوەکە سارد و سێ، گەرمەکە نەهات و نەهات، بۆم دەرکەوت کە بە دڵنیاییەوە لوولە هیتەرە ئۆتۆماتیکەکەی بۆیلەرەکە سووتاوە، ناچار جلەکانمم کردەوە بەر..
لە ماوەی دە ساڵی هەڵبردوودا، یەکەمجارم بوو بۆ خۆ شووشتن لەماڵ بێمە دەرەوە. تا دەوام تەواو بوو هەستم دەکرد هەموو لەشم دادەخورێ. لە گەڵانەوەم سەرێکی بازاڕی کوورانم دا و لوولە هیتەرێکی ئەسپیی بۆیلەرم بە گرێنتیی ساڵێك بە دە هەزار دینار کڕی. دوکاندارەکە گوتی: مامۆستا، خەمت نەبێ، ئەمەیان زۆر ئەسپیە.. سپانە سەر زلەکەی تایبەت بە هیتەر گێینی بۆیلەرم لە ماڵەوە هەبوو و دوای نانخواردن هێنام و کێنەکەم لێکردەوە، ئاو ئەوناوەی پێ کرد، هەموو قالبم لە تەوقی سەرم تا بنی پێم لە ئاو هەڵات، باش بوو نوێکەیم بە ئاسانی تێ گیرکرد و بە سپانەکەی خەریکی بادان و قایم کردنی بووم، وەختێکم زانی گرتی و نەختێ قایم بوو، نا با نەختێکی تریشی بێ بادەم، هەستم کرد قایم بوو، دڵم ئاوی نەخواردەوە نەوەکا ئاودزیی تێکەوێ هەر بامدا و بامدا، بەم زستانە ئەوەندە بە هێز بامدەدا، ماندوویی هەردوو بازووم، ئارەقەی لە هەنیەم داچڕاند، هەر بامدا، دەی کەمێکیتر، دەی ئەمجارەش، تا لەناکاو شرقەیەکی لێوەهات و دایسی هیتەرە لوولەییەکەی لەناوەوەڕا شکا. خەمێکی قووڵ دایگرتم! باشە، بەدبەختەفەندی.. ئەمەی کەی کاری تێیە توخوا؟ ئێ نەدەبووا وەستایەکی شارەزا بێنم؟ سەیرە! تەماشای دایسەکەم دەکرد کە لە بنوبێتکەوە شکابوو و وایەری نەدەچووە سەر. بیرم دەکردەوە کە ئەمە مەحاڵە بە من و بە بابی منیش چاکبێتەوە. دەمەو عەسر سلفێکم لە تۆمبێلەکەمدا و بێیچییەکم لەو دەوروبەرە بینییەوە، ئەویش پێیگوتم کە بەهێی ئیشی زۆرەوە مەجالی نییە تا لەگەڵم بێت بۆ ماڵەوە، ژمارەیەکی دامێ تا پێوەندیی پێوە بکەم کە ناوی وەستا سەردار بوو، زەنگم بۆ وەستا سەردار لێدا و کارەکەمم تێگەیاند، وەستا دوای سەعاتێك لەبەردەم ماڵەوەمان حازر بوو و تەماشایەکی بۆیلەرەکەی کرد و پێیگوتم: ئەمە چ حەیوانێك ئاوای شکاندووە؟ وەرامیم دایەوە کە ئەمە خوێیەکی ئامۆزام گوایە وەستایە، لێیشی تووڕە بووم و دەرمکرد و نەمهێشت چیتر دەستی بگەیەنەتێ. بەهەر حاڵ سەردار چوو سەندووقی

تۆمبێلەکەی کردەوە، لوولە هیتەرێکی دەرهێنا و پێیگوتم: مامۆستا، ئەمە جۆری ئیتاڵییە و ئەسڵی ئەووەلبابە و من بە گرێنتیی ساڵێك لە بۆیلەرەکەتی دەخەم، بەڵام نرخەکەی کەمێك گرانە و بە بەستنەوە دەکاتە چل هەزار دینار، چونکە خۆی بە بیست هەزارە، ناچارمام سەری هەژاندیی بۆ بڵەقێنم و ئەویش چوو خەریکی گڕینی بوو. دەمەو مەغریب هەستم کرد ئاوی بۆیلەرە هیتەر ئیتاڵییەکە نەختێ شێرتێن بووە، خەمم دایە بەر هەشاشەکەی و دوای لێبوونەوەم، چومەوە ژوورەوە، پاکەوتم و خەو بردمیەوە.
بەیانی کە لە خەو هابووم بینیم سەعات لە نۆ لایداوە، کەیفساز بووم بەوەی کە هەنییە و نەختێك بۆخۆم ئیسراحەتێ دەکەم. دەوروبەری سەعات یازدە، خانم داوای کرد کە بچم نانی فڕن بکڕم. سەیرە! خۆ منداڵەکانم لەو ماڵە دارێك لەسەر بەردێك دانانێن! گوتی: نیوەڕۆ بە نییازی شفتە دروستکردن ونیسك لێنانم.

کە هاتمە دەرەوە سەعات یازدە بوو، لە نانەواخانەی مام وەهاب نزیك کەوتمەوە و بە هۆی قەرەباڵغییەوە، تەواوێك لەولاتر هامگرت و لە نانەواخانەکە هەشت نانم کڕی و سواری تۆمبێلەکەم بوومەوە. تۆمبێل ئەمڕۆ نییە، بەکوو سەت ساڵە ئیش ناکات، قڕنجم کەوت ئەوەندەی سلفەکە بادەم، خوایە گییان ئەوە بۆ ئەمەی کورد ژیانمان هەمووی هەر بۆتە بادان؟ جامانە هەر بادە، کەلانگوچك هەر بادە، پشتێن هەر بادە، بەلەکپێچ هەر بادە، لە ژیانیش بەکار بردنی کەلوپەلەکانمان هەر بادانیان دەوێ، هیتەر گڕینی بۆیلەر بادانی دەوێ، گلۆپ گڕین و ماسیحە گڕین و فۆیلپەم گڕین و سلف لێدانیش هەر بادانی دەوێ، بادان وەك هەناسە و نان و ئاوە بۆ کوردان. سلفەکەم دیسانەوە بادایەوە، کەچی نەکەوتەوە گەڕ و نەکەوتەوە گەڕ. مۆبایلەکەم دەرهێنا و تێلم بۆ هەوەندی کۆم کرد، دوای دە دەقیقە لەوسەری فولکەکە ئەویش بایدایەوە و گەیشتە لام، تێگەیشتین کە تۆمبێلەکەم فۆیلپەمی سووتاوە. خوایە گییان کەی ئەم هەموو سووتانە بەرکم بەردەدات؟ سوتانی گلۆپ، هیی هیتەری بۆیلەر، هیی فۆیلپەم، هیی ترمپا، جا هیی چیی نا؟ خۆیشم هەر بەدبەختەفەنیی فیلم سووتاوم! هەوەندە ژمارەی فۆیلپەمگڕکی گەڕکی لابوو و پەوەندیی پەوە کرد، کابرا دوای بیست دەقیقە گەیشتە لامان و چەند جارێکی فۆیلپەمی دەرهێنا و تێگەیاندین کە ئەسڵییە ئەووەلبابەکە بە گڕینەوە حەفتا هەزار دیناری تێدەچێ، هەرچی ناوەنجییەکەیانە بە شەست هەزار و خراپەکەیش بە چل هەزار دەوەستێ، دوای مامەڵە کردن، پێکهاتین کە ئەسڵییەکەمان بە شەست و پێنج هەزار بۆ ببەستێت، ئەویش تا کارەکەی تەواو کرد نیو سەعاتی خایاند، کابرا

هەر ستایشی جێی فێلپەمەکەی دەکرد و دەیگوت: ئەم فێلپەمە، جێی ئەسپیی یەکەمە، لە خۆم زیاتر کەسیتر نییە تی.
بەم هەیننییە، گوایە لە ماڵەوە نایەمە دەرەوە، کەچی کە گەیشتینەوە ماڵەوە، نوێژی هەیننییشمان چوو و سەعاتیش لە یەك لایدابوو.

عەبدولڵەحمان فەرهادی

مەرگی مەڵێ لە ناو "هونار و فریشتەی مردن"ی عەتا مەحەمەددا ... شەش شەماشی

دوای دووجار ژیان کردن و هەناسەدان و مەرگی مەڵێ، لە ڕۆمانی"هونار و فریشتەی مردن" گومانێک کەوتە مشکمەوە و لە قووڵاییی ناخمدا گومان هەڵدەقووڵا. گومانێک کە "گابریل گارسیا مارکیز" لە گۆڕەکەی هاتبێتە دەر و، دوای خوێندنەوەی چەشنی بانگەوازێکی شۆڕشگێڕانە و بە ماندووبوونی و شکستی، لای "عەتا مەحەمەد" نیشتبێتەوە و، دوای گفتوگۆیەکی درێژ و، دووبەدوو، پلانی داشتنی ڕۆمانی"هونار و فریشتەی مردن"یان دانابێ. "گابریل گارسیا" لە "عەتا مەحەمەد"ی ڕوانیبێ و، دواتر گوتبێتی: ئەڕێ عەتا هەستت کردووە قەڵەمەکەت وەکوو چزووی مار بە خوێنەڕەوە دەدا؟ "عەتا مەحمەد"یش گوتبێتی: جەنابی مارکیز، زمانی نووسین لە زات و خوێنمدا چەشنی مانجەنیق دەکوڵێ، گەر گەرماوگەرم هەڵینەگێڕمە سەر کاغەز، سەراپای جەستەم دەسووتێنێ!. لە گومانی مندا "عەتا و مارکیز" قسەوباسی زەریان کردووە، لە کۆتاییدا پێکەوە زمانی جادوویی و فەزاسازی ترسناک و ڕووداوی جەرگبڕ و کۆسایەتی لاقەکراو، تا دوایی...
تۆ بڵێ ئەوە گومانی مشکی منێ! بەڵام گرنگ کۆکی ڕۆمانکەیە. سروشتی "هونار و فریشتەی مردن" وەکوو گیای گەزگەسک وایە، هەر دەستت بۆی کەوێ پێتەوە دەدا و، خوورووێک لە جەستەتدا دروست دەکا، خوورووێک کە فکر و ئەندێشە قووڵەکەی تا دوا "خوێنە وشە"ی ڕۆمانکە دەتبات.

دەسپێکی ڕەمانەکە لە کافێیەکی شاری ستۆکهۆڵمەوە دەستپێدەکات. "سەربەست" وەک کەسایەتی سەرەکیی و ڕەمانووسی ناو ڕەمانەکە، دایەوە وێنایەکی سەفی بگرێت، بەڵام دوای بیرکردنەوە لەوەی ئایا ئەوە ئەوە دەژی، یا چیرۆکێکیەتی ژیان دەکات. بەو شێوەیە ڕەوتی ڕەمانەکە ڕێدەکا، ڕێگا بە گەڕانەوە خۆش دەکات. کەسایەتییەکانی ناو ڕەمانەکە، هەریەکە و لە وێناتێک و شارەکی "جانەوەر نشین"ە و، ڕایانکردووە و چیرۆکی مەرگ و ئازار دەگێڕنەوە. لەوانەش کەسایەتی ناو ڕەمانەکە، وەکوو جەستە نەگیشتبنە جێی مەبەست، تەنیا چیرۆکانیان بە، لە ڕێگەی کەسانی ڕزگاربووە، ڕزگار کرابێ! چیرۆکی "جەواد" بچووە چیرۆکێکی هەناسە ساردە کە هەر زوو دەکەوێتە ژێر پێی چیرۆکانی تر و دەفلیقێتەوە. مەرگە چیرۆکی کچێکی ئەریتریای بە ناوی "ئەردانەس" کە لە لایەن سێ چەکدارەوە دەڕفێندرێ و، بە هەرسێکیان هێندەی دەئاخننەوە، دەیکەنە سیپاێ! سەدان ژانە چیرۆکی ترسناک و سەیر و سەمەرە لە ڕەمانەکەدا هەناسە دەدەن.

خوێنەری زیرەک دوای ڕەچوونە ناو ڕەمانەکەوە، پێی بەو هەستەیە دەبا کە دەڵێ: "ئەوە ئەمەین دەژین یا چیرۆکەکانمان؟" لەو ڕەمانەدا، تەنیا چیرۆکەکان زیندووون و دەژین، کەسایەتییەکان یا کوژراون یا خنکاون، یانیش لاقەکراون!. لە پێش چاوی من ڕەمانەکە ڕیتمێکی خەرای هەیە، واتا ڕووداوەکان زۆر خێرا دەگەڕێنەوە و وشە و هێستە و پەڕەگرافەکان، نائارامیی و شڵەژاویان پێوە دیارە و، هەموو کەسایەتییە کاغەزییەکانی ناو ڕەمانەکە، بریندکی قووە لە ناخیاندا ڕەگی داکوتاوە. گەورەترین و زامدارترین و خوێناویترین برین، برینی "کامەران"ە. زۆر بە کورتی... کامەران ماوێیەکە هاوسەرگیری کردووە و لە گەڵ دوو کەسی ئەمریکی بە ئاپارت نووسین دەچێتە شەنگال، شەو هەواڵ دێ، کە خرێکە داعش لە "شەنگال" نزیک دەبێتەوە. بە بیانی کامەران هەرچەندک بێت، دوو کەسەکە ڕەوانەی دهۆک دەکات، بەخێشی گیردەکات و دەرناێوا. دوای چەند سەعاتێک داعش دەگاتە شەنگال، کامەرانیش وەک خەڵکی شەنگال، لە دەستی داعش ئادەکا، بەڵام دوای سەعاتێک ڕەیشتن داعش دەگاتە سەریان، هەموویان بە دیل دەگرن. کاتێک کامەران بە چاوی خۆی لەدان و کوشتن و زیندەبەچاڵکردن و پەردەدانی کچان لە لایەن داعشەوە دەبینێ، لە ناخیدا دادەمێ. دوای هەفتەیەک کامەران ئازاد دەکەن، بەڵام ترس و شەرم دەخزێنە جەستەیەوە و پیاوبوونی دەخەن و، لە شەرم و ترسا دەبێتە ژن.

“دوای مانگێک، وردە وردە هەست دەکات لەشی دەگۆڕێت، ئیتر لە ماڵ نایەتە دەرێ و خەی دەشارێتەوە، دەنگی ناسک و مەمکی بەرز دەبێتەوە، وردە وردە کچێری بچووک و بچووکتر دەبێتەوە و دەپوکێتەوە، تا هەست دەکات لە بینی ئانکانیدا برینێک دەم دەکاتەوە، کامەران دەبە بە ئافرەت. بەڵام کامەران لە ئازاری یەکەم سووی مانگانەیدا بەرگەی ژنبوونی خەی ناگرێت و خەی دەکوژێت.” ل. ٣٩

کامەران، نوێنەری ژان و ئازار و برینی هەڵتەقیوی گەلانی هەموو دونیایە، باوە گەورەی ئەو کەسانەیە کە بەتاوان بوونە قوربانی دەستی داعش و، تەقینەوە ترسناکەکان. لە بری کامەران، دەبووایە هیتلەر و مسۆلینی و کیتە و ستالین و سەددام حوسێن و دیکتاتۆرە مرۆڤکوژە خوێنخۆرەکانی دونیا، لە جیاتی کامەران لەشیان گەڵانکاری بەرسەردا بێت. ئەوان لە شەرمان بتوێنەوە و پیاوبوونیان بگۆن بکات، نەک کامەرانێکی بەرزە مرۆڤ. ئەو ئازارەی عەتا مەحەمەد لە ڕۆمانەکەدا دەیشێنێ، ئازارێکی مرۆڤانەیە، کە بەسەر هەموو کەسایەتیەکاندا بەاو بێتەوە، بەڵام عەتا مەحەمەدی ئاستەقینە لەو ڕۆمانەدا، دوو لێتە؛ لێتێکی “سەربەست”ە و لێتەکەی تری “ڕۆباز”ە. واتە: دابەشبووە بەسەر هەردووکیاندا. سەربەست، نوێنەری چیرۆکە خوێناوی و ترسناکەکانی تاراوگەیە. ڕۆبازیش یەکێکە لە قوربانیانی چیرۆکە کوژراوەکانی کوردوستان. سەربەس، مرۆڤێکە لە ناو زبڵدانی وەاتەکەی و بگۆنیوی هەناسەی ئەوانیتردا، ڕەیشتووە و بە دەبریندارێ زەدی خەی جەهەشتوە و هاتە خاکێک، کە چیرۆکی ئەو لەخەدەگرێت. ڕۆبازیش، ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێ: “بەرد لە جێی خەی سەنگینە.” سەراپای ڕۆمانەکە بە زمانێکی ئاویی، واتە ڕون و تڵ و بگەرد کە تینوویەتی خوێنەر دەشکێنێ، نوسراوە و، هەزاران کەڵەن و قوژبنی تێدایە کە خوێنەر دەتوانێ لەڕانەوە لە ژان و ئازار و مەرگی میللەتی خەی و میللەتانی دونیا بڕوانێ.

شەش شەماشی

چیرۆك: خدر تۆئخیر ... نووسینی: کۆش وەحید

بەدەم چوالە خواردنەوە بە راوەکەدا دەگەشت و کتێبکانی لەکدەخست، هەر کارمەندێکی کچی بدیایە دەستکی بە بەرزدکردەوە و بە دەنگکی نەرمی لەخۆبایی و مکراویەوە دەیگوت (های)، دەزانیت پاش کەمکی تر لە پەخشی راستەوخۆی کەناڵی فەنتەگەس چاوپکەوتنم هەیە، خەمت نەبێت گەر پشی ئانگۆن ئەوا لە فەیسبوککم یکسەر دوای تەواو بوونی چاوپکەوتنکەم دایدەبزنم، دڵی زەر خۆش بوو، خوشی نەیدەزانی چۆن لەو گوزەرەدا بە جەنابی (پرۆفیسەر) ناوبانگی پەیدا کردبوو، بەڵام هاوڕێ کەنکانی هەر بە خدر تۆئخیر بانگیان دەکرد.. نەیدەتوای خۆی لەوان بگەێنت، بەڵام بە ئەوی لەو نازناوە ناخۆشە رزگاری بێت هەموو دەرگاکانی بە رووی ئەواندا دادەخست، حەزی نەدەکرد بیری مەلعونکی بکەوێتەوە، کە چۆن هەر لە منداڵیەوە (نەزانی) لا رازاندبووەو نەیهشت بە هیچ بێت، بەڵکو وای لەکرد خۆشی لەبێتە پرۆفیسەرو دان بە نەزانیەکیدا نەنێت، هەرچەندە پستی رووی هەند قایم بوو چەندان جار تەریقکرابووەو پچەوانەی قسەکانیان بە بەڵگەوە پ دەگوت و دزینی ناونیشان و ناوەڕۆکی کتێبکانی پیدەگوترا بس ئەو بەسەر خۆی نەدەهنا، بەم دوو دەڕە شیعرە زەر کاریگەر بوو، هەر ئەوشی لەبەر بوو..

بە خەم زەر چاك ئەفامنم بە شتی چشنی مجنوونم
بە بە ئەقڵی لە لام وایە فەریدی روبعی مسکنووم

ئەم دوو دەڕەی جارجار لەبەر خۆیەوە دەیگوتەوە، بەڵکو ئاوازکی خۆشیشی بە دانابوو، بەڵام لای کەس نەیدەگوت، هەر لە دڵی خۆیدا دووبارەی دەکردەوە.. لە ناوەڕاستی چاوپکەوتنکەدا کەف لەدەمیەوە بڕقەی دەکردو بەرەو سڤفی ستدیکە بەرز دەبووەوە، لە بینەراندا وابوو لە بانەی حەمامدا بەرنامکە تەمارکراوە، خۆی سوور کردبووەو دەیگوت: "سیستەم کتی لەمپەر مڵی داهنانە، ئەو مڵانە لە قەفەزدا بەندە دکات و دەبنە دستەمۆی ژێم، ئەو مڵانە بە گۆرەو بچوکیانەوە دەبە ببنە گیفارا تا ناویان لە تەماری ئەدەبیاتی کەماردا بە نەمری بمنێتەوە".
بشك لە تەماشاکاران واقیان وما بوو لەم فڵسفانە، وایانەدەزانی ئەم پرۆفیسەرە تازە لە مریخەوە دابزیوە، نیاندەزانی بەم وتەیی ووی تاقمە سەر خەڵی سەرتایی سپی

دەکردەوە کە لافوگەزافی حوکمداری و دەوڵەتداریییان لێدەدا، بەڵام ئەو وای نیشان دەدا نەخێر وانیە ئەوانە هیچیان کەمتر نیە لە رژێمە دیموکراسیخوازەکانی رۆژئاوا، بەڵکو درۆکراوێکی ڤێتەرو شێشی فەرەنسان، بۆیە رۆشنبیر دەبێت بەرەنگاریان بێتەوە، دەبێت تا دوا هەناسەی یاخی بێت.

رۆژێك ئامادبوویکی کێکەکەی کە لە ناو حەشامەتەکەدا خەی گرمەکردبوو تا نەیبینێت چونکە نەیدەهشت ئامادەی کێکەکانی ببن، هەستاو پێی گوت: ئەم چەواشکاریە تاکەی تە هەر خدر تەئخیرەکەی فەنتێزیسی، دەزانم مانگانە لە هەردوو لا چەند وەردەگریت و دەخێیت ، گیرفانتی پە گەرم دەکێیتەوەو گیرفانی ئەو خەڵکە داماوەش کەچ و ئەسپە تەراتێن و ئاوەاوێن دەکات لە ناویاندا، ئیتر ئەم دروشمە درەزنانێت لە پای چی، بەچی خەڵکی سادەو دەسافی تازە خوێندەر هەدەخەڵەتێنیت؟
کابرا قسەی تەواو نەکرد هەر هەندەی زانی دوو بەدی گاردی بەردەرگا تووڕیان دایە دەرەوە.. بەڵام ئەو بەسەر خەی نەهێنا، کەمێك بەر یەخەی چاکەتەکەی تەکانەدو بەینباخەکەی راستکردەوەو بەئامادبووانی گوت: ئەو کابرا شێتە چەن خەی گەیاندووەتە ئەرە؟ کێی پڕۆفیسەرەکی وەك من نابێت ئاژاوەی تیا دروست بێت، ببورن ئەگەر سیلسیلەی ئەفکارتانی پچڕاندبێت.

ئەو هەر کاتێك دەتەنگ بووایە و نزیك بووایەتەوە لەو قەناعەتەی کە ئەم ئەو پرۆفیسەرە نیە کە خەڵك ناوی دەبەن، بەڵکو کەسایەتی پرۆفیسەرێکی تری بزربووی هەڵگرتووەو کەسایەتیە حەقیقیەکەی خەی هەر خدر تەئخیرە، یەکسەر دەچووە پشت سەفتە کتێبکەوەو سەڵفییەکی خەی دەگرت و دایدەبەزاند، ئاوها دەخەشی خەی دەدایەوە، ئاوها بە زەر بە خەی دەسەلماند کە چەند هزرمەندێکی لەهاتوو و بە وەنییە، زوو زووش لەماوە لەبەر ئاوەنەی ژووری نووستنەکەدا پرۆژەی ئەوەی دەکرد ئەگەر دەمی وشك بوو و یان بوو بە تەڵەی تەقیو چەن چارەسەری بکات و لەبیر خەی بەرێتەوەو خەی لە ڕزگار بکات.

من بەزار بووم لە چالاکیە ئەدەبیەکان، ئیتر بەیارمدا بەشداری ئەو چالاکیانە نەکەم، هەتا ئەوەی دەشیزانم لە بیرم نەچێتەوە، بەڵام شەوێکیان خەریك بوو خەو دەیبردەوەو تەماشای گەمەی نەوان بەرازیل و کرواتیام دەکرد، هەر هەندەی نەبرد بەرازیل دەڵا، نازانم چەن دەڵا؟ یەکسەرکاکی پرۆفیسەر لە بەرنامەیەکی تایبەتدا دەرکەوت وسەرو دەی گرتم، لەسەر شاشکە نووسرابوو جەنابی پرۆفیسەری پشوو و سەرکی دەزگاکانی هەموو رۆشنبیران و چاپەمەنیەکان و هزرمەندانی

دۆڕی فۆنتەکەس ئەمشو میوانی بەرنامە تایبەتکەمانە، باش بوو کارەبا بەاو ئو کفو بەقانی دەمی جنابی پرفیسەرم نەدی تا بیری حەمامکردنم بکوتەو بەم خواهاویەو.

نووسینی: کەش وەحید

بەرزاییەکانی فەرامشی ... ئومێد قەرەنی

لە بەرزاییەکانی فەرامشیەو
با بەسەر وشکانمەو دەمرێت و
گوریسەکان گەمارۆی هەناتن دەدەن

هێشتا دایکم لەچیاکانە،
دەی لەشمشاڵکی قامیشدا
هەدی هەدی لەدەدا
بەناو کەڵگەی مینەکاندا
بەپێ دزکە دێت و دەچێت،
تەڵە بێ خەبەختی دەنێتەو !

باهەز هەدەکا و
چیمەنەکان دەبن بەبەرد
زیخی جیایی باریونەتە چاوکانی
وەک ئاسپەکی کەوی گلاو
: باوکم دەیویست بەبەڵی پشتی
چارەنووس بکات بە کانیانی شمشێرکەی

قەڵە ڕەشکی پایزی
لەسەر بانژەکە نیشتووە
با بەسەر باڵکانیەو دەمرێت
لەبەرزاییەکانی نادیاریەو

بابەسەر نەستەوە دەمرێت
وەک مۆژی بەرهەتاو
وشک دەبنەوە ، خوێنکان
لە بەرزاییەکانی فڕامۆشیەوە
تەنانەت وەک خوێنیش نامێننەوە
خوێنکان

ئومێد قەرەنی

پڕوگرامکردنی مندالی سەرکرد.. ڕزا شوان

لە ئەمڕدا پڕوگرامکردنی دروستی منداڵان، کارێکی هەمەکی و ئاسان نییە، ئەمە لە سەردەمی جیهانگیری و شۆشی تەکنەلۆژیا و گەیانکاری خێرا و داهێنانی سەیر و سەمەرەدا دژوارە، لە جیهانێکی جێنجاڵی پڕ لە کێشە و قەیران و کارەساتدا دژوارە.
منداڵانی ئەمڕمان، لە سایەی داهێنانی نوێدا، لە منداڵانی سەدەی رابردوو، زیرەکتر و کراوەتر و وریاتر و ڕەشنبیریتر و زەرزانترن، هیوا و خەون و خواستەکانیشیان، هەمان هیوا و خواست و پێداویستییەکانی منداڵانی سەدەی بیستەم نین.
هەرچەندە دایکان و باوکان و پڕوگرامکارانی ئەمڕش، ڕەشنبیریتر و هۆشیارتر و بەدەستەوە لە ڕەبازەکان و لە شێوازەکانی پڕوگرامدەری نوێی منداڵاندا. لەگەڵ ئەمشدا، ڕووبەڕووی گەلێ بەرهەست دەبنەوە، کە ئەرکەکانیانی زیاتر قورس کردوون.
بەهۆی ئەمە ئەرکەکی پیرۆز و پێویستی ئەستیانە، چونکە ئەمان منداڵەکانیان هەناوەتە کایەوە.. لە سەریانە کە بە جوانی پڕوگرامدەیان بکەن و بە دروستی ڕێنماییان بکەن و بە باشی ئاراستەیان بکەن.. پێداویستییەکانی گەشکردن و پێشکەوتنشیان بە دابین بکەن. هەر کەمتەرخەمی و هەڵەکردنێک لە پڕوگرامکردنی منداڵەکانیاندا، زیانێکی گەورە بە چارەنووسی ئەمڕ و داهاتووی منداڵەکانیان و بە گەلەکەمان دەگەیەنن.

(ئەلیزابێت ماخ) دەڵێت:" لە کاتی ئەنجامدانی پڕۆردەکردنی منداڵەکانماندا، هەر هەڵەیەک بکەین، دەبێتە هۆی دڵەڕاندنی جەنگەک کە لە پێناوی داهاتوویەکی باشتردا دەستمان داوەتە"
بگومان هەموو دایکان و باوکان هیواخوازی ئەوەن، کە منداڵەکانیان جیاواز و بەهێزبن.. ببن بە سەرکردە و ڕابەر و پێشەنگ و جێی متمانەی هاوڕێکانیان بن. هەرگیز دایکان و باوکان حەز ناکەن کە منداڵەکانیان ببن بە پاشکۆی منداڵانی تر.
حەزی زاڵبوون و دەسەڵات و خۆدەرخستن، حەزی ڕابەری و سەرکردەیی، حەزی ڕەهەکین لە مرۆڤدا، لەگەڵ بوونی گەردوونداء ئەم حەزانەش لەگەڵ مرۆڤدا هاتوون.

بە کورتی با بزانین واتای"سەرکردە" چییە؟

تا ئێستا پێناسەیەکی گشتی سەرکردە نییە، بەڵام هەندە ڕا و ڕاڤەی نزیک لە یەکتروە هەن. وەکو:"سەرکردەیی ـــ سەرکردایەتی ـــ بزواندنی خەڵکییە بەرەو ئامانج"
"سەرکردەیی، هونەرێکە، دەکرێ بە فێربوون و ڕاهێنان وەربگیرێت"
(وارن بلاک) دەڵێت:" هیچ مرۆڤێک بە سەرکردەیی لەدایک نابووە، سەرکردەیی پڕۆگرامکراوی جینێ بە ماوکان نییە، دەکرێ بە فێربوون و ڕاهێنان وەربگیرێت"
(پیتەر وارکەر) یش دەڵێت:" پۆیستە فێری سەرکردەیی بیت، ئەمەت پێدەکرێت"
هەندێ کەس لەو باوەڕدان، کە کەسایەتی سەرکردە تەنها بەهرەیەکە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت. ئەمەش بە پێچەوانەی جێختکردنی شارەزایانی ئەم بوارەیە، کە پێیان وایە سەرکردەیی، لە منداڵیەوە بە تێپەڕبوونی کات، وەردەگیرێت. دەکرێت مرۆڤ زیاتر لای شیرین بێت و گۆشەی پێبدات.
سەرکردەیی واتا دەسەڵاتدار یا سەرکردەی لێهاتوو و دەسەز و شایستە، پۆیستە ئەو بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرێت، کە کاروانەکە بە لاڕێدا نەبات و بە سەرکەوتوویی بیگەیەنێتە کۆتایی ڕێگاکە و بە ئامانج، گەر کاروانەکە نەگەیەنێت و بە لاڕێی دا ببات.. پۆیستە لە بەرپرسیاریەتی خۆی نەدزێتەوە و ئامادەبێت بە لێپرسینەوە.

ئەمە باس لە پڕۆڕەکردنی منداڵی سەرکردە دەکەین.. چونکە سانانی یەکەمی تەمەنی مرۆڤ واتا قۆناغی بەرایی منداڵی (قۆناغی پێش قوتابخانەی بنەڕەتی) کە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغە لە

ژیانی مرۆڤدا، چونکە لەم قۆناغەدا ناسنامەی ئەو منداڵە دروستدەبێت کە لە داهاتوودا چ کەسایەتییەکی لێدێتە کایەوە. بۆیە پێویستە گرنگییەکی زۆر بەم قۆناغە هەستیارەی تەمەن بدرێت، بە تایبەتیش گرنگیدان بە ئەو منداڵانەی کە سیما و خەسڵەتەکانی سەرکردەیان لێبەدیدەکرێن، پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێن کە لە داهاتوودا ببن بە سەرکردە و بە رابەر و بە پێشەنگ و پێشەوا.
منداڵی سەرکردە هەر لە منداڵییەوە، سیما و خەسڵەتەکانی سەرکردەیی لەبەدی دەکرێن، وەکو: بەهرەمەندە، بەوابەخەیە، ئیرادە بەهێزە، ئازا و چاونەترسە، راستگۆیە، ئارام و لەسەرخۆیە، زیرەکە، ژیرە، هاوڕێدڵستە، دڵسۆزە، خۆپەرست نییە، هاوکارە، وردبینە، چاکخوازە، گۆشبینە، بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت، دادپەروەرە، دڵستپاکە، چالاکە، رووخۆشە، کۆمەڵایەتییە، ڕێزدارە، ڕەوشت بەرزە، دووربینە، کەسایەتییەکی هاوسەنگە، جوان پێشە، توانای چارەسەری کێشەی هەیە.. هتد.
بۆیە دەبینین کە مامۆستایانی رابەری پۆلەکان، بە زەری ئەو قوتابیانە دەکەن بە (چاودێری پۆل) کە ئەم خەسڵەتە جوانەیان هەیە.. یا سەرکردە و سەردەستەکانی (تیپی دیدەوانی قوتابخانە) کان، ئەو قوتابیانە دەکەن بە سەرکردە و بە سەردەستە شیاوی ئەم پایە و پلانانەن و توانای بەڕێوەبردنیان هەیە.

گەر ئەمە هاوڕاین لەسەر ئەوەی، کە هەموو کەسێک، شایانی سەرکردەیی نییە و لە باریدا نییە کە ببێت بە بە سەرکردە و بە رابەری کەسانی تر. چونکە سیما و خەسڵەتە پێویستیەکانی سەرکردەیی و رابەری و پێشەوایی و بەڕێوەبردنییان تێدانین.
دیمەنە سەر گرنگترین خەسڵەتانەی منداڵی سەرکردە، وەکو پێوەرێک بە هەڵسەنگاندنی منداڵی بەهرەوەمەند و بە توانا و لێهاتوو، کە بە شایانی سەرکردەی دەزانەن.
پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵان رابهێنین و بە جوانی پەروەردەیان بکەین، ئازادی و سەز و خۆشویستی و ڕێز و متمانەیان پێببەخشین، بە ئەوەی ببنە سەرکردەی دڵسەز و سەرکەوتووی داهاتووی گەلەکەمان لەو بوارانەی کە تێیاندا هەڵکەوتوون.
١ــ باوەڕبوون: یەکێکە لە گرنگترین خەسڵەتەکانی منداڵی سەرکردە، منداڵێکی گۆشبینە و هەمیشە بەوای بە خۆی و بە تواناکانی هەیە، بە گەیشتنیش بە هیوا و ئامانجەکانی، ئەوپەڕی

تواناکانی بەکاردەهێنێت. بەرپرسیارێتی هەندەگرێت، ئەوش دەزانێت کە بەیارمەتیکانی گرنگ و چارەنووسازن، لەوانەیە زۆر شت بگۆڕن، هەر بەیارمەتیکی دروست بدات، سەرکەوتوو دەبێت و ئامانجەکانی دەپێکێت، هەر بەیارمەتیکی هەڵەش بدات، لەوانەیە کارەساتێکی لێبکەوێتەوە، بۆ پلەی یەکەمیش خۆی باجی بەیارمەتیکانی دەدات. مندااڵێکیش بەوای بۆ خۆی نابێت، ئازایی بەیاردانی چارەنووسازی نییە و ناتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

٢ـ بوونی خەسڵەتی جوانی: خەسڵەت جوانی و ڕەوشت بەرزی ڕەفتاری سەرەکییان هەیە لە دروستکردنی منداڵی سەرکەردە، وەکو: ئازایەتی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، دادوەری، بەزەیی، خاکی، لەخۆنەبایی، ڕووخۆشی، ڕەفتاری پێشی، یارمەتی،..هتد. ناکرێت منداڵی سەرکەردە، درۆزن، ستەمکار، دووڕوو، لەخۆبایی، خۆپەرست بێت.
گەر دایک و باوک بۆ ڕاستی بیانەوێت، هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکەیان ببێت بە سەرکەردە، دەکرێ بە ئاسانی ئەو خەسڵەتە جوانانەی فێربکەن و ڕایبهێنن، بە مەرجێک خۆیان لەم ڕووەوە نموونە و پێشەنگ بن و لە خۆیاندا بەرجەستە بووبن.
٣ـ بۆ ئازادی و بۆ ڕاشکاوی گوزارشت لە ڕا و بۆچوونەکانی دەکات: شانازی بوونی ئەم خەسڵەتە گرنگە لە منداڵدا، بۆ دایک و باوکی زرنگ و هۆشیار دەگمەنەتەوە، کە ڕەگەز نەبوونە، لە بەردەم ئازادی منداڵەکەیان بۆ گوزارشتکردن لە هیوا و لە خۆن و خواستەکانیان، بۆ دەربڕینی ئەوەی لە بیر و ناخیان دایە.. بۆ پەرەش و دەخشەشەوە گۆیان لێگرتوون و ڕا و بۆچوونەکانیان هەڵسەنگاندووون، ڕا و بیرەکە ئەرێنی و جوانەکانیان بەرز نرخاندووون. پەداویستییەکانی گەشەکردنی بەهرەکانیان بۆ دابین کردووون. ئەمەش پشتگیری و هاندانێکی باشە و متمانە و بەوابەخبوونێکی زیاتر بۆ منداڵەکەیان دەبەخشێت.. شتێکی باش و ئەرێنییە، کە دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکەیاندا دانیشن و لەیان دەپرسن کە بۆ شەرمکردن گوزارشت، لەو بیرکانە بکات کە لە خەیاڵی دان، یا سەرقاڵی چییە.. ئەم پێکەوە دانیشتنانە لە ڕووی دەروونیشەوە دەنیایی و متمانەیەکی زیاتر بە منداڵەکەیان دەبەخشێت، گەشە بە بیرکردنەوەکانی دەکات، هەستیش بەوە دەکات، کە بۆ هەندی دۆزانن و ڕەز لە کەسایەتی دەگرن و ڕاو و پشنیار و بۆچوونەکانیشی فەرامۆش ناکەن.. لە بیارمەتیکانی خۆزانیشدا، مافی بیاردانی هەیە. بەگومان ئەم پەروەردە دروستەی منداڵ، لە لایەن خۆزانەوە، وا لە منداڵ دەکات کە ئازایی ئەدەبی هەبێت و بۆ

شەرم و ترس بۆ جوانی لە بەردەم کەسوکار و هاوڕێ و مامۆستاکانیدا بۆ زمانێکی پڕ بدوات و گوزارشت لە بەهرە و لە بیرکەکانی بکات.

٤ـ پشت بە خۆی دەبەستێت: ئەمش خەسڵەتێکی گرنگی تری منداڵی سەرکردەیە. پشت بە خۆبەستن وا لە منداڵ دەکات، کە خۆی تاقی بکاتەوە بە سەرکەوت و گەیشت بە هیوا و ئامانجەکانی و بە هەناندی ئەو پێوانەی کە لە ئەستۆی گرتووە، ئەوپەڕی توانا کانی خۆی بەکاردەهێنێت، بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێت. ئەمش لە منداڵێکی کەسایەتی بەهێزی بەوابەخەو دەوشێتەوە.. دایک و باوکی هۆشیاریش هەمیشە هانیان دەدەن، کە کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.. بۆ نموونە: داوا لە کچەکەتان یا کوڕەکەتان بکەن، با خۆیان ژووری نووستنیان پاکبکەنەوە و ڕێکیبخەن. یا ئیشەکیان پێبسپێرن، ئافەرین و دەستخۆشیان لێبکەن.

بۆ داخەوە کە هەندێ لە دایکان و باوکان، هەموو شتەکیان لە منداڵەکانیان کردووەتە بۆشایی (بۆشڵ) سەری زمان و بنی زمانیان (مەکەن) (ئەوە ناتوانن) (ئیشی سەربەخۆ مەکەن.. بۆ ئەمە بڵێن) ئەم شێوە مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا، وایان لێدەکەن کە بڕوا و متمانەیان بۆ تواناکانی خۆیان نەبێت و خۆیان بەبێ دەسەڵات بزانن. بۆیە ئەم منداڵانە ناتوانن ببن بە سەرکردەی منداڵانی تر.. چونکە وا ڕاهێنراون کە ببن بە سەرکردە.
٥ـ هاوڕێدان و ڕاهێنان بۆ هەناندی ئامانجێک: منداڵی سەرکردە، چاودێرێتە هەناندی ئامانجێک، پلانی گونجاو و نەخشەڕێگایەک دادەنێت بۆ هەناندی ئەم ئامانجی.. پلان دانان و نەخشەڕێگا، هەکارێکی گرنگن بۆ ڕاهێنان و کارکردن و جێبەجێکردن و هەناندی. سوودیش لە کات وەردەگرێت و بۆ فێڕۆی نادات.. فێری ئەوش دەبێت کە بۆ کرداری هەنگاو بۆ هەناندی هیوا و ئامانجەکانی بنێت. ئەمش دەبێتە یاسایەکی دەقگرتووی ژیانی و درێژەی پێدەدات بۆ هەناندی هەر هیوا و ئامانجێکی تر، گەر ئامانجێکی بچووکیش بێت.
٦ـ گرنگی دان بە لایەنی جەستەیی و تەندروستی: وتراوە (ئەقڵی تەندروست لە لەشی تەندروست دایە) مرۆڤ یەکەیەکی پێکهاتووە بە بنیاتنانی کەسی تاک، ناتوانین لایەنی دەروونی لە لایەنی جەستەیی و کەمایەتی دابڕین. تەندروستی جەستەش بە خواردنی خەراکی گونجاو دەتەدی. گرنگیدانیش بە وەرزش پۆیستی بە وزەیە، وزەش تەنها سوود بە تەندروستی جەستە ناگەیەنێت، بەڵکو ئارامی بە دەروونیش

دەبەخشێت.
٧ـ وەبەرزی فڕەخوازی: خەسڵەتێکی تری منداڵی سەرکردە، هەمیشە وەی بەرزە و سنووردکی دیاریکراوی بۆ خواستەکانی نییە، هەردەم هەیوای شتی زیاتر دەخوازێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، بۆ هەناندی هیواکانی بۆ گەرمی هەوڵدەدات. ئەمەش بۆ ئیرادە و وەبەرزی و متمانەبەخۆبوونی دەگەڵتەوە، ویست و ئیرادەش هەما و کلیلی سەرکەوتنەکانن، ئیرادە یەکەمین هەنگاوە بۆ گەیشتن بۆ هیوا و بۆ ئامانج. لە فەرهەنگی منداڵی خاوەن ئیرادەی بەهێزدا، تەمەڵی و بێزاری و کەمدان و ئەستەم بوونیان نییە.. ئەو هەمیشە دەڵێت (بۆ دەتوانم).. ئەگەر بڵێت (ناتوانم، پێم ناکرێت، ئەستەمە) کەواتە خەسڵەتی سەرکردەیی و سەرکەوتنی تێدا نییە.
٨ـ خۆدڕخەر و خۆبەرپێشەویە: منداڵی بۆ توانا و لێبڕاو، هەمیشە خەی دەباتە پێشەوە و دیاریت خەی دەربخات و بۆهێرە و تواناکانی بسەلمێنێت. بۆیە خەی لە زەر کار و شتدا هەدەقورتێنێت، بەڵام منداڵی بۆ دەسەڵات و هیچ لێبڕاو، داخراو و خەی بۆ دووردگرێت، ئازایی خۆتاقیکردنەوەی نییە و لە شکستی دەترسێت.

٩ـ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی: منداڵک کە جێبەجێکردنی ئەرکێکی پێدەسپێرن، تەنانەت گەر ئەرکێکی بچووکیش بێت، گەر بە سەرکەوتووی ئەنجامیدا، واتا هەستی بە بەرپرسیاریەتی ئەستەی کردووە.
ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەشەویەکی رەها و بێبە چاودێریکردن منداڵان سەرپشک بکەین و هەموو بیارێکی گرنگ و چارەنووساز بدەن. بەڵکو پێویستە لە پشتیانەوبین و رێنمایی دروست و ئاراستەی پێویستیان بکەین. چونکە لەوانەیە بیارێکی هەڵەی مەترسیدار بدەن و کارەساتێکی لێبکەوێتەوە.. ئەبەی ئەم ئاکامە نەخوازراوەش لە ئەستەی ئەمدایە، کەواتە نابێت بواری منداڵان بدەین کە زیادەڕەوی لە سەرکەشی و خۆهەقورتاندن لە کاری مەترسیداردا بکەن.. کە سوور دڵزانین ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە.. باشتر وایە بیان روون بکەینەوە و تێیان بگەیەنین کە لە قوناغی داهاتوودا دەتوانن ئەم کارانە و لەمانەش گەورەتر ئەنجام بدەن.
١٠ـ بوونی بۆهێر و ئامادەیی: هەر منداڵێ لە بوارێک یا زیاتردا بۆهێرەی هەیە. دایکان و باوکان دڵزانن کە منداڵەکانیان لە چ بوارێکدا بۆهێرەمەندن و ئارەزووی چیان

هەیە. بەهرەبوون ئامادەییە لە منداڵاندا، پێویستە ئەم بەهرانەیان بقۆزنەوە و زاخاویان بدەن، بۆ ئەوەی زیاتر گەشەبکەن.. بوونی بەهرەش ئەو هەستە بە منداڵ دەبەخشێت کە جیاوازە. دەشبێتە پاڵنەرێکی واتایی بۆ ئەوەی خووی پێوەبگرێت و لە چەندین بواری تریشدا خۆی سەرقاڵ بکات و خۆی تاقیبکاتەوە.. ئیرادەش تەواوکەری بەهرەیە. زۆربەی کات زانا و داهێنەرەکانی جیهان لە منداڵییاندا وەکو بەهرەمەندێک، دەستیان بە تاقیکردنەوەی بەهرە و ئارەزووەکانیان کردووە، گەشەیان پێدان و لەگەڵ گەورەبوونیاندا، بەهرەکانیشیان گەورەبوون و تا گەیشتن بە ئەنجام و بە بەرهەمدان.
١١ـ کاریگەری لە منداڵانی تر: منداڵی زیرەک و بلیمەت و بە توانا، زمان شیرینە، دەتوانێت بە ئاسانی و بە شێوازێکی دیپلۆماسی، قەناعەت بە هاوەڵەکانی بکات و کاریان تێبکات، خۆی لایان خۆشەویست و شیرین و ڕێزدار بکات، منداڵانیش وەکو کەسایەتییەکی کاریزمایی بزانن، بە پشتگ و رابەری خۆیان هەڵبژێرن، ئەمەش خەسڵەتێکی گرنگی منداڵی سەرکردەیە.. شارەزایانی پەروەردەی منداڵان، ئەم بە باشترین جۆری سەرکردەیی دەزانن، چونکە بە شێوەیەکی دیموکراتی لە لایەن هاوەڵەکانیەوە هەڵیان بژارد و بەوا و متمانەی خۆیان پێبەخشی.
١٢ـ ئامادەی قوربانیدان: ئەو منداڵەی کە بە ئارەزووی خۆی، ئەوپەڕی ئامادەیی تەدایە و دەیەوێت لەپناوی هەنانەدی بەرژەوەندی و ئامانجە گشتییەکاندا، قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات، ئەوە منداڵێکی خۆپەرست نییە، شایانی ئەوەیە کە ببێت بە منداڵێکی سەرکردە و بە رابەر و بە پشتوای هاوەڵەکانی.

بەگومان قوتابخانەش ڕەنگی گرنگی هەیە و لە ڕەنگی خەزان کەمتر نییە لە پێکهێنانی کەسایەتی منداڵاندا، دەتوانێت بە پێی ستراتیژییەتێکی نەخشەداڕێژراوی پێویست، گەشە بە کەسایەتی منداڵان بکات، بەهرە و تواناکانیان لا شیرین بکات و هانیان بدات کە پشت بە سەربەخۆیی خۆیان ببەستن.
با ئەوەش بە بیری خەمان بهێنینەوە، کە زۆر لە سەرکردەکانی وڵاتانی جیهان ، لە قوتابخانە و لە یانە و لە تیپ و لە ڕێکخراوەکانی قوتابیاندا سەرکردە بوون.
پێویستە ڕەگریشبین لە بەردەم ئەوەی، کە منداڵی سەرکردە، ببێت بە دیکتاتۆر و ستەمکار و زاڵبێت بەسەر هاوەڵەکانیدا و بیان چەوسێنێتەوە. دەتوانین بە گەنەوەی چەندین چیرۆکی مێژوودار دەربارەی کەسان و سەرکردە سەرکەوتووەکان و سەرکردە

سەرنەکەوتووەکان رایبهێنین.. ئەوەشی پێبڵێین کە تا ئەو سنوورە ئازادە، کە پێشڵی ئازادیی هاوڵاتیانی و کەسانی تر نەکات.

وەکو لە سەرەتاوە باسمان کرد، کە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، ڕۆشنبیرەکیان هەیە لە پەروەردەکردنی دروستی منداڵان و لە چاندنی بەهای بەرز و پرەنسیپ مرۆیی ئەرێنییەکان لە هزر و لە ناخی دڵڕووناکیاندا.. دەتوانن هەر لە منداڵییەوە بە فێرکردن و ڕاهێنان، خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی سەرکردەیی لە منداڵەکانیادا بونەوەنن.. گەر بیانوەت، لە سایەی خاندووکردن و پشوودرێژیدا، ئەمە کارێکی ئەستەم نییە.
(حەبووبە حەداد) دەڵێ:"منداڵەکەت کوتاڵەکە لە بەردەست دایە.. زیرکبە لە دوورینی".

هیچ گاڵەکیش نییە، کە بە قەی گاڵی کوردمان، هەندە پەیستی بە سەرکردە و بە پێشەوا و بە ڕابەری ئازا و دەسەز و دەستپاک و ڕاستگۆ و دادپەروەر و ژیر و دانا و زانا و خەڵکپەرست و کورسی نەپەرست و خەباخترکەر بێت.

ڕەزا شوان

نەرویج: ٢٤ /٨ / ٢٠١٨
(*) تێبینی: بە نووسینی ئەم بابەتە، تا ڕادەیەک سوودم لە چەند سایتێکی عەرەبی وەرگرتووە.

خەشەویستی لەرەدا نییە … ئەحمەدی شاملوو .. لە عەرەبییەوە: بەرزان

خەشەویستی لەرەدا نییە
تا بەی تامەزرۆی بین
هە موو شتێک پێچەوانە یە، وەک ئەوەی
کە هەیە .

زیندان/ باخچەی ئازادییە
شەلاق و قامچی و زنجیر/ هیچ زەلیلی تێدا نی یە
بە ێکو پیوەرێکە لە بەهای مرۆڤایەتی
کوشتار/ تەرکی دونیا و پیرۆزییە
مەرگ/ ژیان
ئەوەی بەگەردنی هەلئەواسرێ
بێ ژیانێکی بێ کۆتا زیندوو دەکرێتەوە
لێرەدا خۆشەویستی نی یە
تا بڵێی تامەزرۆ بین
هەموو شتێک پێچەوانە یە، لە وەی هەیە
خراپە کار/ چاکە کارە
بێ دەنگی و سە بر کردن/ لاوازیە
کە وابێ، گوێ بگرن
ئێوە ئەی خەڵکی شارە
پیرۆزەکەم
لە مێژە بە زمانێکی توند لەگەڵم ئەدوێن
ئەوەی دەیڵێم لە تواناتاندا هەیە ؟
پێتاندەکرێ گوێی بدەنێ ؟

خۆشەویستی لێرەدا نییە … ئەحمەدی شاملوو .. لە عەرەبیەوە: بەرزان